# خوێندنەوەیەک بۆ دادگایی سەدام حوسەین

سەردار عەزیز

دادگایی سەدام، دادگاییەکی سادە نیە. ئامادەبوونی تاوانبارێک نیە لە بەردەم دادگادا بۆ ئەوەی لە رێی یاساوە بگەینە ئەو دڵنیاییە بێگومانە کە کەسی تۆمەتبار تاوانبارە یان بێ‌تاوان. لە هەمانکاتدا لە رێی ئەم دادگایەوە ناتوانرێ تۆڵە بکرێتەوە یان کەسی تاوانبار سزا بدرێ، چونکە هیچ تۆڵەیەک و سزایەک نیە کە هاوسەنگی تاوانەکان بێت. کەواتە لە بارێکی وەهادا دەبێ چاوەرێی چی بین. ئەم دادگایە دەبێ لە پێناوی چیدا بێت. بە پێی هەندێ هەواڵ لە سەروبەری دەستبەسەرکردنی سەدام لە کونەکەیا، دۆناڵد رامسفێڵد رای وەهابووە کە واباشە سەدام بکوژرێت، بەوەی بوترێ کە ویستوویەتی هەڵبێت. بەڵام پارێزەرەنوێکان بە تایبەت کەسی پۆڵ وولفوایتز، رازی نەبووە بە کوشتنی سەدام بەڵکو دادگایی سەدامی پێباش بووە، چونکە بە تێگەیشتنی ئەو دەتوانرێ دادگایی سەدامی بکرێتە ئامراز و پێگەیەکی بەهێز بۆ گەشەکردن و بونیادنانی دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا.کە خەونی پارێزەرەنوێکانە و بروایان وایە تەنها رێگایە بۆ سەپاندنی ئاشتی لە ناوچەکەدا.

لەم تێگەیشتنەوە ئەوەمان بۆ روون ئەبێتەوە کە دادگایی سەدام تەنها بۆ دادگایی سەدام نیە بەڵکو لە هەمانکاتدا بۆ ناردنی پەیامێکە، پەیامێک کە بە خەڵکی سادەی ژێر دەسەڵاتی رژێمە دیکتاتۆریەکانی تری ناوچەکە بڵێت، هێزێک هەیە کە دەیەوێ سەرکردە دیکتاتۆرەکان لە سەرکردایەتی بخات و بهێنێتە دادگا. لێرەوە بۆ ئەوەی ئەم دادگایە بتوانێ بە جوانی و پراوپر مەبەستی خۆی بپێکێ ئەوا دەبێ وەک سیرەمۆنیەک هەموو بەشێکی بە ووردودرشتیەوە بە رێک و پێکی دارێژرێت. ئەم مەبەستە وا لە دادگاکە ئەکات شانۆگەریەک بێت بە مانای جیاواز بۆ بینەری جیاواز. لەلایەکەوە سەرکردەو دەستە و پێوەندەکانیان لە ناوچەکەدا لە رێیەوە ترس بکەوێتە دڵیانەوە. کوردو شیعە ئاسودەییەکیان بە دڵابێت. سوونەکانیش بەدادگایی خۆیان و کۆتایی سەردەمی دەسەڵاتیان دابنێن.

لەبەر ئەم هۆکارانە بریاردرا کە دادگاکە راستەوخۆ لە رێی کەناڵەکانەوە بڵاوبکرێتەوە، هەرچەندە راستەوخۆنەبوو بەڵام سەرجەم رووداوەکان پێشاندرا، بەپێی قسەی پارێزەرەکەی سەدام خۆی. لە نێو شارەزایانی یاسا لە دونیادا، دادگایی سەدام لە ماڵپەری تایبەت بە شارەزایانی یاسا گفتوگۆی لەسەرکرا و لە سەرجەم رەهەندەکانیان کۆڵیەوە. یەکێک لەو رایانەی کە دژ بە پەخشکردنی راستەوخۆی دادگاکەبوو، ئەوەبوو کە تەلەفزیون بارودۆخێکی وەها ئەخولقێنێ کە زۆرگران ئەبێت بۆ شایەتەکان ئامادەبن و شایەتی بدەن، لە هەمانکاتدا رەنگە کەسی سەدام یان قازیەکە زیاتر بۆ کامیرا قسەبکەن و رۆڵ ببینن لەبری دادگاکە. بەڵام ئەم هۆکارانە هەرچەندە رەنگە بەجێبن بەڵام لەبەرامبەر ئەو ئارەزووەی کە بۆ بڵاوکردنەوەی دادگاکە هەیە لاوازە.

دادگاکە لە ناوچەی سەوزبوو. لە شوێنێکی تایبەت کە بەوپەری ئاگاییەوە لەلایەن سوپای ئەمریکیەوە چاودێری دەکرا. ئەو کەسانەی کە بۆیان هەبوو بچنە ژوورەوە لە هەموو شتێک کەپێیان بوو بێبەشکران، لەبری ئەوە لەلایەن بەرێوبەرانی دادگاکەوە شتی تریان پێدرا. ئەمە بۆخۆی دەلالەتی ئەوەیە کە کەس جێی بروانەبووە. لە هەمانکاتدا ئاماژە بۆ ئەوە ئەکات کە دادگاکە لە بارودۆخێکی زۆر مەترسیداردا بەرێوەئەچوو. لە شوێنی دادگاکەدا؛ تاوانبار یان تاوانباران هەبوون، (دیارە کەسایەتی سەدام هەموو کەسایەتی ئەو تاوانبارەکانی تریشی شاردبووەوە، وەک چۆن لە سەردەمی دەسەڵاتیا ئەوانەی دەوروپشتی هیچ بوونێک و ئامادەییەکی مرۆڤانەیان نەبووە، بە هەمانشێوە لە دادگاکەشدا، سەدام لە دادگاکەدا بەو شێوەیە قسەی لە گەڵ هاوەڵەکانیا ئەکرد کە وەک ئەوەی بۆ کۆبونەوەیەکی حیزبی ئامادەبوبن، بە تایبەت کاتێ رووی وەرگێراو بەوەی تەنیشتی ووت ئەڵا

بیلخێر)، دەستەی بەڕێوبەرایەتی دادگاکە هەبوو، کە لەلایەن قازیەکی کوردەوە، کە ناوەکەی و شێوازی قسەکردنە عەرەبیەکەی بەئاشکرا گەواهی ئەوەبوون، کە بۆ خۆی بەتاڵ نیە لە سیمبوول، بەڕێوەدەبران، پارێزەران و هەروەها کەناڵەکانی میدیاش.

ئامادەبوونی بوونی میدیا گۆرانێکی گەورەی بە سەر چیەتی و چۆنێتی بەرێوەچوونی دادگاکەدا هێنا. میدیا بوو بە ئەو ناوەندە کە دادگاکەی تیا بەرێوەئەچوو ئەمە کارێکی بەرێوەچونی دادگاکەی دیموکراتیزەکرد، بەو مانایە توانای بەخشیە هەموو کەسێک لە هەرکوێەک هەیە داداگاییەکە ببینێ. (لە زۆربەی وولاتانی رۆژئاوا دەرگای داداگا بەزۆری هەردەم بۆ خەڵکی کراوەیە، بۆئەوەی بیسەلمێت کە هیچ شتێکی شاراوە نیە داداگا بە شێوەیەکی رەوا و ئاشکرا بە بەرچاوی هەموانەوە بەرێوە ئەچێت). ئەمە لەکاتێکا وەهای لە بینەرکرد کە هەست بە دەسەلات بکات، لە هەمانکاتدا خستیە خانەی بینەرێکی پاسیڤ (ناچالاک)ەوە بۆ ئەوەی چێژ ببینێ لە سەرشۆربوونی زاڵمێک. لێرەوە دادگاکە بووبە شمەک. کەم بینەر هەبووە بتوانێ بەبێ هیچ هەڵوێستێک بتوانێ لە بەردەم شاشەی تەلەفزیونەکەیا دانیشێ و تەماشای بەرێوەچوونی دادگاکەی کردبێ. لێرەوە دادگایی سەدام دادگاییەک بووە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی. وەک دادگای نوێریمبێرگ و دادگای میلۆشۆڤیچ لە لاهای. بەڵکو دادگایی سەدام بە دادگایی سەدە یان سەردەم دائەنرێت. چونکە لە هەناویا چەند ماهیەتێک هەڵئەگرێ کە هیچ دادگاییەکی تر هەڵینەگرتوە. گەورەی تاوانەکان لە لایەک و ئامادەبوونی کەسی لێپرسراوی یەکەم لە لایەکی تر. بۆ نموونە لە دادگای نوێرمبێرگ، هیتلەر کە کەسی تاوانباری سەرەکی بوو، خۆیکوشتبوو. هەروەها ئەو بایەخە زۆرەی کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە کێشەکەی ئەدات. لەلایەکی ترەوە سروشتی دادگاکە بۆخوی جێی بایەخە چونکە دادگایەکە تێکەڵ لە یاسای ناوخۆ و یاسای نێودەوڵەتی.

ئەم هەموو بایەخە دۆخێکی وەهای بەرهەم هێناوە هەموو پێکهاتەیەکی داداگاکە، لە بێنرخترین شتەوە کە رەنگە رەنگی قەفەزەکەبێت تا کەسەکان و هەڵسوکەوتیان جێی بیرلێکردنەوە و لێکدانەوەبێت. پێش هەمووشتێ لە چەقی دادگاکەدا، کە لە هەمانکاتدا زۆرترین پانتایی بینراوی داگیرکردبوو، ئامادەبوونی قەفەزەکان بوو. قەفەس وەک ناوێک مەدلولی خۆی هەیە. ناوی قەفەس؛ لە هەمانکاتدا تەسک و تروسکی، سنووردارێتی، دیل بوون، نەمانی دەسەلات، دەگەیەنێ. لە لایەکی ترەوە ئامادەبووی ناو قەفەس ئامادەبوویەکە کە لە ژێر دەسەلاتی کەسی دەرەوەی قەفەسەکەدایە، قەفەس دەرگای هەیە بەلام کلیلەکەی لای کەسی ناو قەفەسەکە نیە، بەڵکو لای کەسی خاوەن قەفەسەکەیە. لێرەدا ئەتوانین بڵێین دیالیکتێک هەیە لە نێوان ناوەوەو دەرەوەدا؛ کە دیالیکتی دیلی و ئازادیە. ئەو قەفەسەی بۆ سەدام و هاوەڵەکانی ئامادەکراوە رەنگی سپیە. سپی رەنگی پاکی و ئاشتی و سادەییە. ئایا دەتوانرێ وەک دەلالەتێ سەیربکرێ کە بە دادگاییکردن یان خستنە قەفەسەوەی ئەو تاوانبارانە دەبێ ئاشتی بێتە بیرمان. دادگا بۆخۆی پچرانێک لە عەقڵی کەسی عێراقیا دروست ئەکات، (دیارە مەبەست لە عەقڵێکە کە توانای وورووژانی تیاماوە). دادگا یانی بەخشینی دەسەلات بە یاسا. یاسا بەرهەمی-بابەتیانەی عەقڵە. کەواتە لە دادگادا کەسەکان لە رێی ئارەزووی دەسەلاتدارانەوە دادگای ناکرێن. بۆیە سەربەخۆیەتی دادگا یەکێکە لە پێگە هەرەگرنگەکانی دەوڵەتی مۆدێرن و دیموکراسی. ئەم بیرۆکەیە، جیاکردنەوەی بەشەکانی حکومەت دەگەرێتەوە بۆ فەیلەسوفی فەرەنسی مۆنتینسکۆ لە کتێبی رۆحی یاساکان. کە پاشان لەلایەن باوانی دامەزرێنەرەوە لە ئەمریکا خرایە توێی دەستورەوە.

ساتەوەختی دادگا ساتەوەختی دارشتن و سەرلەنوێ دارشتنەوەی حەقیقەتە. ئەگەر ئەمە لەلایەن عێراقیەکانەوە بەباشی دیارنەبێت ئەوا لەلای ئەمریکیەکان و ئەوانی ترەوە راستیەکی حاشا هەڵنەگرە. چۆنێتی ئەندازەی دادگاکە چ لە رووی ئەندازەی مەتریاڵ و چ لە رووی ئەندازەی یاساوە، کارێکی

هەستیارو لە رادەبەدەر گرنگە. ساتەوەختی دادگا ساتەوەختی فرۆشتن یان بەبازارکردنی مێژوو، رووداو، هەڵوێستەکانە. لێرەدا رەنگە بەکارهێنانی چەمکە ئینگلیزیەکە زیاتر مانابەخش بێت، ساتەوەختی دادگاکە ساتەوەختی مارکێتینگ-ە. مارکێتینگ یانی فرۆشتن یان بەخشینی شمەک یان بەرهەم بە کریار. کریار مەبەست یان ئارەزووی نیە بچێتە ئەودیو ئەوەی کە ئامادەیە، چونکە ئەرکی پێویستە و لە لەزەتی شمەک یان بەرهەمەکە کەم ئەکاتەوە. ئەم هەڵوێستە بەتایبەت لای بینەری رۆژئاوایی کە لە ژێر کاریگەریەکی گەورەی ئابووری بازاردا ئەژی روون و ئاشکرایە. بۆیە ئەوەی لەو دادگایەدا بەرێوەئەچێت و ئەو لەدادگایە دێتە دەرەوە دەبێتە مێژوو لای بەشێکی زۆر لە خەڵک دەبێتە حەقیقەت. دیارە لە دونیادا تێگەیشتنی جیاواز هەیە بەرامبەر کەسایەتی سەدام. بۆ زۆر لەوانەی لە وولاتانی جیهانی سێ، بەتایبەت ئەفریقا و ئەمریکای لاتینی ئەو وەک کەسێک دەبینرێ کە بەرهەڵستی ئەمریکای کردبێ. لای موسوڵمانەکانی رۆژهەلاتی ئاسیا بەهەمانشێوە ئەبینرێت. هەمان هەڵوێست هەیە لای موسوڵمانانی رۆژئاواو چەپەکانیش هەیە، بۆیە سەیرنەبوو کەسێکی بێبروای چەپ لە تەنیشت موسڵمانێکەوە لە ریپێواندا رێیان دەکرد دژ بەشەر. دەکرێ بە سەدام بوترێ پاڵەوانی دۆراوەکان، ئەو دۆراوانەی کە نایەنەوێ حەقیقەتی ئەو بزانن بەڵکو بەدوای کەسێکا وێڵن لە تۆزێک هیوایان پێببەخشێ کە هێشتا مانایەک بۆ دونیابینیەکانیان ماوە.

ئەگەر بگەرێینەوە بۆ دادگاکە؛ ئەوەی بەشێوەکی روون و ئاشکرا دەبینرا جلوبەرگی تۆمەتبارەکان بوون. جلوبەرگەکان لە دوو سیستەمدابوون. ئەوەی لە سەردانەکەما بۆ کوردوستان بۆم روون بوەوە جلوبەرگ جێی بایەخە بەڵام بە هیچ جۆرێ جێی مانا بەخشین و بیرلێکردنەوە نیە. خەڵک لەوێ جل لەبەر ئەکەن بۆ ئەوەی وەک ئەوانی تر بن. کەس نیە یان زۆر کەم هەن جل بپۆشن لە روانگەی خۆیانەوە. بۆیە زۆر گرانە چێژی کەسێک بناسی لەرێی جلەکانیەوە، چونکە جۆرێک لە یەکپۆشی (زەی موحد، یونیفۆرم) لە کۆمەڵگادا هەیە، کە بەتاڵە لە جوانی. بەڵام جلەکانی تۆمەتبارەکان لە دادگا بەتاڵ نەبوون لە مانا. دەتوانین بە ئاسانی بڵێیین جلەکان بەگشتی کرابوون بە دوو سیستەم، یەکەم جلەکانی سەدام دووەم جلەکانی ئەوانی تر. جلەکانی ئەوانی تر، جلی ناوخۆی کۆمەڵە خەڵک یان چینێکی تایبەت بوون لە عێراق. کاتێک یەکێک لە تۆمەتباران کە پاش سەدام لێپرسرایەوە گلەیی لەوە هەبوو کە عەگاڵەکەیان لە سەر لابردووە، بۆیە ئەو ناسنامەی نەماوە. عەگاڵ و دزداشە جلی خەڵکی دەرەوەی شاری بەزۆری عەرەبی سوننەن. ئامادەبوونی ئەوان بەو جلانەوە هەوڵێک بوو بۆ ناردنی پەیامێک بۆ ئەو چینەتایبەتەی خەڵک لە عێراق. لە هەمانکاتدا ئەو جلانە هەڵگری عروبەن کە بەلای عەرەبە سوننەکانەوە عورەبەی عێراق لە ژێر مەترسیدایە. دیارە ئەوان چونکە بەشێک بوون لە سیستەمێکی دیکتاتۆری، دڵنیابوون لەوەی لە ئاستی گلۆباڵدا کەس ئاگای لە بوونیان نیە، بۆیە هەوڵی سەرەکیان ناردنی پەیام بوو بۆ خەڵکی لۆکاڵ. لە رێی جلەکانەوە عەقلانیەتێک هەیە بۆ کارکردن لە سەر ناعەقلانیەت، بەشێکی زۆری سیاسەت و رێکلام و میدیا، بەم شێوەیە بەرێوە ئەچێت. چونکە ماس یان رەشە خەڵک ئاسانترە هەستاین ببزوێنی تا عەقڵیان بوروژێنی، ئەمە نەک لە رۆژهەڵات بەڵکو لە سەرانسەری دونیا. بەڵام ئەوەی لە هەموو جێی تێروانین و سەرنجە جلەکانی سەدام خۆی بوو. ئەوەی هەر لەسەرەتاوە ئەبینرا بۆچی سەدام وەک ئەوانی تر جلی لەبەرنەکردوە. جیاوازبوونی سەدام ئەوەی پێ ئەوتین کە ئەو مەبەستی ناردنی پەیامی جیاوازترە بۆ خەڵکی زیاترو جیاوازتر. سەدام چاکەت و پانتۆڵی لەبەرابوو، بۆینباخی نەبەستبوو. چاکەت وپانتۆڵ لە دونیادا هێمایە بۆ فەرمێتی (فۆرمالێتی). یان بەمانایەکی تر ئەو لە رێی جلەکانیەوە دەیویست بڵێ هێشتا سەرۆکە. نەبوونی بۆینباخ ناردنی پەیام بوو بۆ ئەو مووسوڵمانانەی کە بوینباخ بە خاچ تەماشا ئەکەن و خاچیش سیمبولێکە دەلالەتێکی مێژووی هەیە. خاچ یان خاچ پەرستان یان کروسەیدەر ئەمرۆ لەلایەن

موسوڵمانانەوە وەک ناسنامەی ڕۆژئاوا تەماشا ئەکرێت، دیارە ئەمە لەخۆیا نەبوونی توانایە لە تێگەیشتن لە ڕۆژئاوا، لە هەمانکاتدا نەبوونی توانیانە بۆ بینینی جیاواز. (لە گەڵ ئەمانشدا هەوڵدان بۆ گەرانەوە بۆ شەر خاچپەرستان). بەڵام سەدام لە ڕێی جلەکانیەوە لە ئەندامێکی ئیخوان موسلمین ئەچوو بەتایبەتی کە لەگەڵ خۆیدا قورئانێکی پیرۆزی هەڵگرتبوو. هەڵگرتنی قورئانەکە لە راستیا دەبێت بە خراپە بۆ سەدام بشکێتەوە، (چونکە بەپێی ئایەتی ناو ئەو کتێبە؛ ئەگەر کەسێک بە ناهەق کەسێک بکوژێ وەک ئەوەبێت هەموو دونیای کوشتبێ ئەوا لەم روانگەیەوە دەبێ سەدام چۆن ببینرێت). بەڵام مەبەست لە هەڵگرتنی قورئان لای ئەو ئەوەبوو کە پەیامێک بنێرێت کە دادگاکە رووبەرووبونەوەی ئیسلام و خاچ پەرستان یان بێئیمانانە. دیارە سەدام سەرەرای هەموو تاوانەکانی دەتوانێ ببێتە کەسێکی ئیماندار! لێرەدا ئەو تێگەیشتنە پر لە ئیشکالیەتەی ئاینمان وەبیر دێتەوە کە تێگەیشتنی تەوبەیە. فەلسەفەی کۆنی یونان، داوا لە هاووڵاتی ئەکات کە لە ژیانی رۆژانەیا کەسێکی بەرپرسیاربێت لە هەڵسوکەوتەکانی چونکە لای ئەوان ئەوەی هەیە تەنها ئەم ژیانەیە. بەڵام چەمکی تەوبە لەوروانگەیەوە هاتوە کە ئەم ژیانە بێبایەخە، کەسەکان تیایا تاقیئەکرێنەوە بۆیە لە هەر ساتێکا لە روانگەی ئاینەوە بە ئاگابێنەوە ئەوا گوناە و خراپەکانیان پاک ئەبێتەوە. ئەم تێگەشتنە هیچ بایەخێک بۆ ئەرکو بەرپرسیارێتی مرۆڤ بوون ناهێڵێتەوە . لە هەمانکاتدا جۆرێکە لە سوکایەتی بە مرۆڤ، چونکە گرنگ نیە کە کەسی تاوانبار چەندێک ئەزیەتی مرۆڤی داوە بەڵام هەرکە لە خوای خاوەن مرۆڤ داوای لێبووردنیکرد ئیتر گوناهەکان ئەسرێنەوە. بۆیە تەوبە چەندێک بەخشینی فرسەتێکە بۆکەسەکان لە روانگەی ئاینەوە بۆئەوەی بگەرێنەوە سەرێگای راست لە هەمانکاتدا رێپێدانە بە خراپەکردن.

ئەوەی لە داداگاکەدا بە سەدام ئەناسرا یان بە بەرێز سەدام لەلایەن حاکم رزگارەوە، سەدام نەبوو، بەڵکو سەدامێک بوو کە نوێنەرایەتی ئەو سەدامەی ئەکرد کە رۆژێکی خۆرەتاو لە مانگی نیسان لە گۆرەپانی فیردەوس لە سەرەتادا ئالایەکی ئەمریکی و پاشان پەتێک کرایە ملی و بەردرایەوە. هایدگەر دەڵێ؛ چەکوش کاتێک چەکوشە کە بەکاربێت وەک چەکوش. سەدام چی دی سەدام نیە کە ناتوانێت یان دەسەڵاتی نەماوە وەک ئەو سەدامەی کە لە ئاگایمانا چەسپاوە هەڵسوکەوت بکات. ئەم مەسەلەیە مەبەست و چەقی دادگاکەبوو. سەدام نەیئەویست دان بەوەدا بنێت کەچی دی سەدام نیە. بەڵکو ئەو سوربوو لە سەر ئەوەی کە هێشتا سەدامە. بۆیە پرسیارکردن لە کێیەتی ئەو سوکایەتی بوو بۆ کەسێک کە بروای وایە ناوو دەسەڵاتی لای هەمووان ناسراوە بەتایبەت عێراقیەکان. کاتێک سەدام بە حاکم رزگاری دەگوت تۆ بەشێوەتا دیارە کە عێراقیت دەبێ بزانی من کێم. لێرەدا کلیلی ئەو عەقڵەمان دەست ئەکەوێ، کە عەقڵی شوان و مێگەلە. ئەندامانی مێگەل دەبێ بزانن کێ شوانە، لە سەرِیانە بیناسن ، چونکە ناسین دانپیانانە، جیاکردنەوەیە، بەڵام ئەرکی شوان نیە بە ناو ئەندامانی مێگەلەکەی بناسێتەوە. رەنگە باشتروابێت کە سەدام لە دانیشتنی داهاتودا ژمارەیەکی لێببەسترێ، وە داوای لێبکرێ؛ تۆ ئەی ژمارە 22 بێزەحمەت ناوی خۆتمان پێبڵێ. لە هەمانکاتدا رەنگە بیرۆکەیەکی باش نەبێت چونکە باشترین شێواز بۆ سوکایەتیکردن بە سەدام رێزگرتنیەتی. بیرۆکەی دان پیانەنانی دادگاکە پارێزەرانی سەدام لە داداگاییکردنی سەرۆکی یوگوسلافیای پێشوو میلۆسۆڤیچەوە وەریانگرتبوو. لێرەدا ترسێک دێتە ئاراوە، ئەویش ترسی هاوکاری نەکردن پاشان درێژکرنەوەی داداگاکە لە کاتێکا کە دادگاکە بە دوای شایەتدا ئەگەرێ بۆئەوەی بە جیهانی پێشان بدات کە دادگایەکی رەوایە. یەکێک لەو رێگایانەی کە بیری لێکراوەتەوە بۆ چارسەرکردنی ئەم کێشەیە لەلایەن مایکڵ شێرف-ەوەیە کە پسپۆرێکی یاسای ئەمریکیە، وەک راوێژکار لە گەڵ دەستەی دادگایی سەدامدا کاری کردوە. ئەو چەمکەی شێرف بەکاری دەبا لە زاراوەی یاساناسیدا پێی دەڵێن؛ پلی بارگنینگ. ئەم زاراوەیە لاتینیەو مانای پراوپری نیە، بەڵام بەگشتی یانی مامەڵەکردن لە سەر

کەمکردنەوەی سزا. ئەم شێوازە بە تایبەت لە جیوناسایدی رواندا بەکارهات. لە بەرئەوەی ئەوانەی کە دەستیان هەبوو لە تاوانەکانا ئەوەندە زۆر بوون کارێکی کردە نەبوو کە هەموویان سزابدرێن. لە بەرامبەر ئەمەدا حکومەتی رواندی مافی لێبووردنی دا بەوانەی کە ئامادەن بێنە پێشەوە دان بە تاوانەکانیانا بنێن. لێرەدا ئەوەی کاری کردە نیە ئەوەیە کە ناتوانرێ کارێکی وا لەگەڵ سەدامدا بکرێت، لە هەمانکاتدا سەدامیش مەبەست نیە. دەکرێ سیناریوکە بەم شێوەیە بێت، ئەگەر یەکێک لە ئەندامە بەرزەکان بۆ نموونە تاریق عەزیز، ئامادەبێت کە ببێتە شایەتحاڵ بەسەر ئەوانی ترەوە لە بەرامبەر ئەوەدا سزاکەی بۆ کەمبکرێتەوە، ئەوا کارو ئەرکی دادگاکە ئاسان و سەرکەوتووئەکات.

داداگایی سەدام داداگایی کارەکانی سەدامە. سەدام ئەگەر خاوەن بریاربووە بەڵام تەنها نەبووە. بریاری ئەو پلان و پارەی ئەوانی تر کارەکانیان بۆ سەدام ئاسانکردوە. بۆیە ئەم دادگایە هێندە دادگایەکی سیاسیە نیوئەوەندە دادگایەکی یاسایی نیە. لێرەوە دەبێ بەدوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا بگەرێین بۆچی داداگایی سەدام بە رووداوەکانی دوجێل دەستی پێکرد. بەکورتی ئەوەی لە دوجێل لە سەرەتای هەشتاکان روویدا هەوڵێک بوو بۆ کوشتنی سەدام لە لایەن ئەندامێکی حیزبی دەعوە کە ئێستا جەعفەری سەرۆکیەتی. سەدام لە سزای ئەوەدا نزیکەی 200 کەسی لە شارۆچکەکەدا کوشت. ئەم رووداوە بە بەراورد بەتاوانەکانی تری سەدام، تاوانێکی بچوکە، بەڵام بۆچی لێرەوە دەست پێئەکەن. بۆچی داداگا بەتایبەت ئەم رووداوەی هەڵبژارد. رەنگە هەندێک وا وەڵام بدەنەوە چونکە ئەم تاوانە بەرامبەر حیزبەکەی سەرۆک وەزیران کراوە بۆیە گرنگی زیاتری پێدراوە، من هیچ بەڵگەیەکم نیە بۆ سەلماندنی ناراستێتی ئەو تێگەشتنە بەڵام بە لاوازی دائەنێم. کێشەی داداگاکە زۆر لەوە ئاڵوزترە کە شتەکان لە بەر خاتری جەعفەری بەریوەبچن. یەکەم رووداوەکەی دوجێل لە بەر بچوکە بەبەراورد بە تاوانەکانی تری سەدام رەنگە بە ئاسانی بتوانرێ ئیدارەبکرێ لە لایەن دادگاکەوە، وە زۆر گرنگە دادگاکە کە لە سەرەتادا ئەو ئینتیباعە بگوێزێتەوە کە سەرکەوتوە. لەوە گرنگتر تاوانەکەی دوجێل کەسی سەدام خۆی تیادا بەشدارە، وە هیچ لایەکی دەرەکی دەستی تیانیە. ئەم سیفەتانە وەهای کردوە کە رووداوەکەی دوجێل ببێتە بابەتی یەکەمی دادگاکە لە بری تاوانی گەورەی ئەنفال. چونکە لە ئەنفالدا کە بێگومان کارێکی جینوسایدبوو، سەلماندنی جیونۆسایدبوونی ئەو تاوانە ئەرک ئەخاتە سەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، رەنگە هەندێک پرسیاری ناخۆشیش رووبەرووی وولاتان و ئەمریکا بکاتەوە. ئەوەی جێی مەترسیە ئەوەیە کە لیث کوببە؛ قسەکەر بەناوی حکومەتی عێراقەوە ئاماژەی پێدا. کوببە بروای وابوو کە تاوانەکەی دوجێل بەسە بۆ ئەوەی سزای لە سێدارەدان بەسەر سەدامدا بسەپێ. لێرەدا مەترسی ئەوە دێتە ئاراوە کە ئەگەر لە ئەنجامی ئەم دادگایە سزای لە سێدارەدان سەپێنرا ئەوا تاوانەکانی تر وەک هەڵەبجە، ئەنفال ئەو گرنگیەی پێنەدرێ. چونکە لە پاش لە سێدارەدان چی ئەکەیت. بەڵام بایەخی ئەم دادگایە بۆ ئەوەنیە سەدام لە سێدارەبدرێ، بەڵکو بۆ ئەوەیە بە شێوەیەکی فەرمی بۆ دونیا، لە رێی داداگایەکی دانپیانراوەوە، بسەلمێ کە نەتەوەیەک هەیە ناوی کوردە بە بەرچاوی هەموانەوە تاوانی گەورەی بەرامبەرکراوە.

لایەکی تر تر کە شایەنی بیرلێکرنەوەیە، سزایە. ئەوەی کە زۆر ئاشکرایە ئەوەیە کە ناتوانرێ سزای سەدام بدرێ، چونکە هیج سزایەک نیە لە بەرامبەر تاوانەکانی ئەودا. لە بەرامبەر ئەمەدا بیرکردنەوەیەکی فەلسەفیانە پێویستە بۆ چەمکی سزا. سزا بۆ تۆڵەکردنەوەی ئەو تاوانانەیە کە لە رابوردودا روویانداوە. لێرەدا لە سەرەتاوە جیاکاریەک پێویستە لەگەڵ ئەو تاوانانەی کە تاکەکانی کۆمەڵ ئەنجامی ئەدەن هەندێ جار سزا بۆئەوەیە کە دووبارەی نەکەوەوە هەروەها پەیامێک بۆ ئەوانی تر بنێردرێت کە سزابوونی هەیە. بەڵام سەدام و تاوانەکانی لە دەرەوەی ئەم تێگەیشتنەدان.

ئەگەر سزا ئامادەیی هەیە بۆ ئەوەی لە گوناە بمانپارێزێ ئەوا گوناهی گەورە گەورە روویداوە. رەهەندێکی تری سزا یان کۆمەڵگای تۆڵەکەرەوە ئەوەیە رێرەوی کۆمەڵگا بەرەو رابووردوو وەرئەگێرێ. ئەم رێرەوە پڕ لە مەترسیە، یەکێکە لە سیفەتە بونیادەکانی سەلەفیەت. بۆیە ئەوەی گرنگە لە سزادانی سەدام دا سەیرکردنی داهاتووە لە کاتی سزادا. ئەوەی ئاشکرایە کە گرانە بۆ عەرەبی سوننە دان بەوەدا بنێن کە بەشی گەورەی تاوانەکان لە ئەستۆی ئەواندایە. کاتێک جێنراڵ مەکارثی گەشتە یابان مەبەستی ئەوەبوو ئیمپراتۆری یابان سزابدات، بەڵام زۆرینەی یابانیەکان ئەو سزایەیان رەتکردەوە بۆیە حکومەتی مەکارثەر لە سزاکە پاشگەزبووەوە. لە سەرودەمی دادگای نۆرێمبۆرگدا بە پێی راپرسیەک بەشێکی زۆر لە خەڵکی ئەڵمانی دادگاکەیان بە نارەوا لە قەڵەم داوە. ئەوەی ئاشکرایە ئاسان نیە بۆ خەلکانێک کە زۆربەی تەمەنیان بروایان بە بۆچونێک هەبووە، لە پر لێی پاشگەز ببنەوە. وەک مێژوو پێمان دەڵێت ئەوە پێویستی بە نەوەیەک یان دوو نەوە هەیە. ئەمرۆ لە ئەڵمانیا دەستەیەکی زۆرکەمی سەرلێشێواو نەبێ کەس شانازی بە سەردەمی نازیەوە ناکات. بە هەمان شێوە ئەگەر عێراق ببێتە وولاتێکی دیموکراسی ئاشتی تیا بەرقەراربێت، ئینجا پاش نەوەیەک یان دوو نەوەی تر سوننەکان دەتوانن بە کراوەی باس لە شەرمەزاریەکانی رابووردوی خۆیان بکەن.

ئەگەر بگەرێینەوە بۆ خودی سزاکە خۆی کە سزای لە سێداردانە وە زۆرینەی خەڵک لە عێراقدا بە هیوای ئەوەن، ئەوا هەندێک لایەنی بەشداربوو لە پرۆسەکەدا دژ بەو سزایەن بە تایبەت بەریتانیا. لە وولاتی بەریتانیا وەک سەرجەم وولاتانی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا سزای لە سێدارەدان نەماوە. ئەمە نەک هەر لە ناوخۆی وولات بەڵکو بۆ نموونە ئەو وولاتانە کەسێک نانێرنەوە بۆ وولاتێک ئەگەر مەترسی لە سێدارەدانی هەبێت. دەڵێن کاتێک کە پۆل برێمەر سزای لە سێدارەدانی لابرد، لە ژێر فشاری حکومەتی بەریتانیدا بوو، چونکە بەریتانیەکان دەیانویست بە یەکێتی ئەوروپا بڵێن کە ئەوان دەتوانن دەستیان لە دارشتنەوەی عێراقدا هەبێت هەموو شتێک لە دەستی ئەمریکادا نیە. چونکە هەندێک حکومەتەکەی بلێر بەوە تاوانبارئەکەن کە سەگی سەر رانی سەرۆکی ئەمریکی جۆرج بۆشە.